# تێنس

# لە دایالێکتی ژورووی زمانی کوردیدا

## ((گوڤەری بادینی))

نامەیەکە

بائیز عمر احمد

بەسەرپەرشتی

د. یوسف شریف سعید

پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی

کردوە و بەشێکە لە پێویستیەکانی

پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا

٢٦٩٩ی کوردی          ١٩٩٩ی زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سەلاحەدین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستی یەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

نـــاو:

مێژوو:     /     /

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە

پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

نـــاو:

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

لە بەشی کوردی

مێژوو:     /     /

ئێـمـەی ئەندامـانی لیـژنەی مـوناقـەشـە و هەڵسـەنگاندن ئەم نامـەیەمـان خـوێندەوە و لەگـەڵ قوتابییەکەدا مـوناقەشەمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردی ( ڕستەسازی )دا پێ بدرێ.

نـــاو:

سەرۆکی لیژنە:

مێژوو: / /

| | | |
|---|---|---|
| نـــاو: | نـــاو: | نـــاو: |
| ئەندام: | ئەندام: | ئەندام: |
| مێژوو: / / | مێژوو: / / | مێژوو: / / |

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی ئادابەوە پەسەند کرا.

نـــاو:

عەمیدی کۆلێجی ئاداب

مێژوو: / /

پێشکەش بێت بە

ئەوانەی زمانی کوردیان خۆشدەوێ

# سوپاس نامە

سوپاس بۆ هەمو ئەوانەی کە بە هەر شێوەییێک بێ
بەدەنگمەوە هاتون؛ تا توانیم ئەم کارە ئەنجام بدەم
بە تایبەتی سەرپەرشتیارم د. یوسف شریف سعید

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................ ١
دەسپێک ........................................ ٥
بەشی یەکەم: تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی ........................................ ٩
بەندی یەکەم: تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی لە کارەکانی پێشتردا ........................................ ١٠
بەندی دوەم: تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی لە تەکنیکی بکاردیاردا ........................................ ٣٠
کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ڕابوردوی سادە ........................................ ٣٠
ڕابوردوی بەردەوام ........................................ ٣١
ڕابوردوی تەواو ........................................ ٣١
ڕابوردوی دور ........................................ ٣٢
ڕێژەی مەرجی
ڕابوردوی مەرجی سادە ........................................ ٣٣
ڕابوردوی مەرجی تەواو ........................................ ٣٣
کاری بێهێز
هەبون
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ڕابوردوی سادە ........................................ ٣٤
ڕابوردوی بەردەوام ........................................ ٣٤
ڕابوردوی تەواو ........................................ ٣٥
ڕابوردوی دور ........................................ ٣٥
ڕێژەی مەرجی
ڕابوردوی مەرجی سادە ........................................ ٣٦
ڕابوردوی مەرجی تەواو ........................................ ٣٦
بون

(بون = كينونة)
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ڕابوردوی سادە ........................................ ٣٧
ڕابوردوی بەردەوام ........................................ ٣٧
ڕابوردوی تەواو ........................................ ٣٨
ڕابوردوی دور ........................................ ٣٨
ڕێژەی مەرجی
ڕابوردوی مەرجی سادە ........................................ ٣٨
ڕابوردوی مەرجی تەواو ........................................ ٣٨
(بون = صيرورة)
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ڕابوردوی سادە ........................................ ٣٩
ڕابوردوی بەردەوام ........................................ ٣٩
ڕابوردوی تەواو ........................................ ٣٩
ڕابوردوی دور ........................................ ٤٠
ڕێژەی مەرجی
ڕابوردوی مەرجی سادە ........................................ ٤٠
ڕابوردوی مەرجی تەواو ........................................ ٤٠
بەندی سێیەم: تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی لە تەکنیکی بکارنادیاردا ........................................ ٤٣
بکارنادیاری سادە ........................................ ٤٣
کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ڕابوردوی سادە ........................................ ٤٣
ڕابوردوی بەردەوام ........................................ ٤٣
ڕابوردوی تەواو ........................................ ٤٤
ڕابوردوی دور ........................................ ٤٤
ڕێژەی مەرجی
ڕابوردوی مەرجی سادە ........................................ ٤٤
ڕابوردوی مەرجی تەواو ........................................ ٤٤
کاری بێهێز
هەبون

ڕێژەی ڕاگەیاندن
ڕابوردوی سادە ........ ٤٥
ڕابوردوی بەردەوام ........ ٤٥
ڕابوردوی تەواو ........ ٤٥
ڕابوردوی دور ........ ٤٥
ڕێژەی مەرجی
ڕابوردوی مەرجی سادە ........ ٤٦
ڕابوردوی مەرجی تەواو ........ ٤٦
بکارنادیاری هۆیی ........ ٤٦
کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ڕابوردوی سادە ........ ٤٦
ڕابوردوی بەردەوام ........ ٤٧
ڕابوردوی تەواو ........ ٤٧
ڕابوردوی دور ........ ٤٧
ڕێژەی مەرجی
ڕابوردوی مەرجی سادە ........ ٤٧
ڕابوردوی مەرجی تەواو ........ ٤٨
کاری بێهێز
هەبون
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ڕابوردوی سادە ........ ٤٨
ڕابوردوی بەردەوام ........ ٤٨
ڕابوردوی تەواو ........ ٤٨
ڕابوردوی دور ........ ٤٩
ڕێژەی مەرجی
ڕابوردوی مەرجی سادە ........ ٤٩
ڕابوردوی مەرجی تەواو ........ ٤٩
بەشی دوەم: تێنسی ئێستا و شێوەکانی ........ ٥٢
بەندی یەکەم: تێنسی ئێستا و شێوەکانی لە کارەکانی پێشتردا ........ ٥٣
بەندی دوەم: تێنسی ئێستا و شێوەکانی لە تەکنیکی بکاردیاردا ........ ٦٢

کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ئێستای سادە ........ ٦٢
ئێستای بەردەوام ........ ٦٣
ئێستای تەواو ........ ٦٣
کاری بێهێز
هەبون
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ئێستای سادە ........ ٦٤
ئێستای بەردەوام ........ ٦٤
ئێستای تەواو ........ ٦٥
بون
(بون = کینونة)
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ئێستای سادە ........ ٦٥
ئێستای بەردەوام ........ ٦٥
ئێستای تەواو ........ ٦٦
(بون = صیرورة)
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ئێستای سادە ........ ٦٦
ئێستای بەردەوام ........ ٦٦
ئێستای تەواو ........ ٦٧
بەندی سێیەم: تێنسی ئێستا و شێوەکانی لە تەکنیکی بکارنادیاردا ........ ٦٩
بکارنادیاری سادە ........ ٦٩
کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ئێستای سادە ........ ٦٩
ئێستای بەردەوام ........ ٦٩
ئێستای تەواو ........ ٦٩
کاری بێهێز
هەبون

ڕێژەی ڕاگەیاندن
ئێستای سادە ........ ٧٠
ئێستای بەردەوام ........ ٧٠
ئێستای تەواو ........ ٧٠
بکارنادیاری هۆیی ........ ٧١
کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ئێستای سادە ........ ٧١
ئێستای بەردەوام ........ ٧١
ئێستای تەواو ........ ٧١
کاری بێهێز
هەبون
ڕێژەی ڕاگەیاندن
ئێستای سادە ........ ٧٢
ئێستای بەردەوام ........ ٧٢
ئێستای تەواو ........ ٧٢
بەشی سێیەم: تێنسی داهاتو و شێوەکانی ........ ٧٤
بەندی یەکەم: تێنسی داهاتو و شێوەکانی لە کارەکانی پێشتردا ........ ٧٥
بەندی دوەم: تێنسی داهاتو و شێوەکانی لە تەکنیکی بکاردیاردا ........ ٨٦
کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٨٦
ڕێژەی مەرجی ........ ٨٧
ڕێژەی فەرمان ........ ٨٨
کاری بێهێز
هەبون
ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٨٩
ڕێژەی مەرجی ........ ٨٩
ڕێژەی فەرمان ........ ٩٠
بون
(بون = کینونة)
ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٩٠

ڕێژەی مەرجی ........ ٩٠
ڕێژەی فەرمان ........ ٩١
(بون = صيرورة)
ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٩١
ڕێژەی مەرجی ........ ٩١
ڕێژەی فەرمان ........ ٩٢
بەندی سێیەم: تێنسی داهاتو و شێوەکانی لە تەکنیکی بکارنادیاردا ........ ٩٤
بکارنادیاری سادە ........ ٩٤
کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٩٤
ڕێژەی مەرجی ........ ٩٤
ڕێژەی فەرمان ........ ٩٤
کاری بێهێز
هەبون
ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٩٥
ڕێژەی مەرجی ........ ٩٥
ڕێژەی فەرمان ........ ٩٥
بکارنادیاری هۆیی ........ ٩٦
کاری بەهێز
ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٩٦
ڕێژەی مەرجی ........ ٩٦
ڕێژەی فەرمان ........ ٩٦
کاری بێهێز
هەبون
ڕێژەی ڕاگەیاندن ........ ٩٧
ڕێژەی مەرجی ........ ٩٧
ڕێژەی فەرمان ........ ٩٧
ئەنجام ........ ٩٩
سەرچاوەکان ........ ١٠١
کورتەیێکی باسەکە بە زمانی عەرەبی
کورتەیێکی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی

# پێشەکی

## گرنگی باسەکە:

تێنس[(١)] لە زمانی کوردیدا یەکێکە لەو بابەتە سینتاکسیانەی کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەییێکی زانستانەی دەربارە نەکراوە و کارێکی فراوانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان نەکراوە؛ بۆیە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد بۆ لێکۆڵینەوەکەمان.

## سنوری باسەکە:

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە زۆر نەگرێتە خۆی و بتوانم بە وردی هەمو لایەنەکانی ئەم بابەتە ئاشکرا بکەم؛ لێکۆڵینەوەکە تەنیا لە گوڤەری بادینی (Local dialect)ی شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا ئەنجام دەدەم کە شێوەی قسەکردنی خۆمە.

## ڕێبازی باسەکە:

بۆ ئەنجامدانی ئەمەش تێڕوانینی وەسفی بەکار دێنین؛ چونکە بەلامانەوە بە ڕێزبونی ئاسۆیی ئەم بابەتە بەشێوەییێکی ئاسانتر ئاشکرا دەبێ. سەرەڕای ئەوەش کە بە پێویستمان زانی ڕێزبونی شاقولی دیاربکرێ؛ لە شوێنی خۆیدا دیاریدەکەین.

## گرفتی باسەکە:

لەو سەرچاوانەدا کە باسی ئەم بابەتەیان کردوە لەم گوڤەرەدا ناتەواوی و کەلێنێکی زۆر هەیە؛ لەبەر ئەوە لە لێکۆڵینەوەکەدا پشت بە قسەکردنی ئەم گوڤەرە دەبەستین کە ئەمەش لە زمانەوانی نوێدا شتێکی ئاساییە.

## سەرچاوەکانی باسەکە:

گرنگترین سەرچاوە سەرەکیەکانی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکاری دێنین ئەمانەن:-

١- جاڕدین/ BAHDINAN KURMANJI/ ١٩٢٢.

٢- مەکەنزی/KURDISH DIALECT STUDIES -1-/ ١٩٦١.

[ (بەشی سێیەم) کە تایبەتە بە (سورچی، ئاکرە، ئامێدی، بەرواری ژۆری، گولی، زاخو،

شێخان)].

٣- جویس بلو/ LE KURDE DE ᶜAMĀDIYA ET DE DJABAL SINDJĀR /١٩٧٥.

٤- شرین/ EXERCISES IN BEHDÎNÎ GRAMMAR /١٩٩٦.

٥- صادق بهاءالدین ئامێدی/ ڕێزمانا کوردی «کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری»/ ١٩٨٧.

٦- ئیبراهیم رەمەزان/ RÊZMAN A KURDÎ /١٩٩٨.

هەر چوار سەرچاوەکەی پێشەوە وەکو دیارە تایبەتن بەم گوڤەرەوە. هەرچەندە پێویستبو ڕێزمانەکەی (گارزونی)ش بەکار بێنم؛ چونکە ئەویش تایبەتە بەم گوڤەرەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کەس نەبو بەوردی بۆم وەربگێڕێ؛ نەم توانی بەکاری بێنم. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر لە نمونەکانی ورد بینەوە کە بە کوردین؛ بۆمان ئاشکرا دەبێ کە شتێکی زیاتر لەوەی کە (جاڕدین) گوتویەتی تێدا نیە.

سەبارەت هەردو سەرچاوەکەی کۆتایی (صادق و ئیبراهیم)، ئەمانە ڕاستە تایبەت نین بە گوڤەری بادینیەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دانەرەکانیان خەڵکی ناوچەکەن و لە ژێر کاریگەری گوڤەرەکەدان؛ بۆیە بەکارمان هێناون.

شایانی باسە کە لە پەڕاوێزەکاندا بەم جۆرە دەستنیشانی سەرچاوەکان دەکەین:-

بۆ نمونە:- **صادق بهاءالدین (٣:٣١٩-٣٢١)**

**ناوی نوسەر** ← **ژمارەی سەرچاوە لە لیستی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەدا** ← **ژمارەی لاپەڕەکان**

**بەشەکانی باسەکە:**

لێکۆڵینەوەکەش بەم جۆرە دابەش دەکەین:-

دەسپێکێک (تمهید) بۆ هەڵسەنگاندنی پێناسەی تێنس و جیاکردنەوەی تێنس لە کاتی فیزیکی و ئەو مێتالانگویجەی کات دەردەبڕێ و دەستنیشانکردنی تێنسەکانی ئەم گوڤەرە.

بەشی یەکەم، کە تایبەت دەبێ بە تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی. ئەویش دەبێتە سێ بەند. لە

بەندی یەکەمدا کارەکانی پێشتر لەسەر ئەم تێنسە دەخەینە ڕو و بۆچونمان لەسەر دەردەبڕین. لە بەندی دوەم و سێیەمدا تەواوی بۆچونمان لەسەر ئەم تێنسە و شێوەکانی لە تەکنیکی[٢] بکار[٣]دیار و نادیاردا دەردەبڕین.

بەشی دوەم، کە تایبەت دەبێ بە تێنسی ئێستا و شێوەکانی و وەکو بەشی یەکەم دابەش دەبێ.

بەشی سێیەم، کە تایبەت دەبێ بە تێنسی داهاتو و شێوەکانی و وەکو بەشی یەکەم دابەش دەبێ.

دوای ئەوەش ئەنجامی باسەکەمان بە کورتی بەدەست دەدەین.

**زاراوە تایبەتیەکانی باسەکە:**

پێویستە ئەوەش بوترێ کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ زاراوە هەن کە تایبەتن بەم لێکۆڵینەوەیە یان لەم لێکۆڵینەوەیەدا تا ڕادەیەک جیاواز لەوەی پێشتر و تایبەت بەکارهاتون. زاراوەکانیش ئەمانەن:-

- بکار: لەبەر ئەوەی کە (کار) و (بەرکار) لە (کار)ەوە دروستکراون؛ بۆیە ئەگەر (فاعل)یش لە (کار)ەوە دروستبکرێ و ببێتە (بکار) باشترە. بەم جۆرە دەتوانرێ باشتر (فاعل)ی ڕێزمانیش دەست نیشان بکرێ.

- مۆرفیمی ڕێککەوتن : ئەم مۆرفیمانە [م،ی،(ø،ە،ت،یت،یتن)،ین(ن)،ن،ن] لەگەڵ کار دێن لە گوڤەری بادینیدا و کارەکە لە ڕوی کەس و ژمارەوە تەنیا لەگەڵ کۆمەڵەی (ئەز)ی ڕاناوی جودا کە ئەمانەن: [ئەز، تو، ئەو، ئەم، هون، ئەو] نەک کۆمەڵەی (من) کە ئەمانەن: [من، تە، ئەو(ی، ێ)، مە، وە، ئەو(ان)]دا ڕێکدەخەن، جا چ ئەم کۆمەڵەی (ئەز) دەوری بکار ببینێ یان بەرکار؛ بۆیە بە (مۆرفیمی ڕێککەوتن) ناومان بردوە، هەرچەندە لە سەرچاوەکاندا بە (Personal endings) ناویان هاتوە[٤]. شایانی باسە کە د. عەبدوڵڵا حوسێن بە ڕاناوەکانی ڕێککەوتن ناویان دەبا[٥].

- پێشبەند: لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو مۆرفیمە یا کەرتەیە کە دەبێتە بەشێک لە کارەکە؛ بۆ دارِشتنی کاری تازە (چ پێشگر بێ یا کەرتی سەربەخۆ). ئەو کارەی ئەم پێشبەندەی لەگەڵدابێ بە (کاری بە پێشبەند) ناومان بردوە (کە دەبێتە **دارِژاو** و **لێکدراو**) و ئەوەی لەگەڵدا نەبێ بە

(کاری بێ پێشبەند).

- تەواوکەر: لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو کەرەستە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخوانە دەگرێتەوە کە هاوکاری لەگەڵ کارەکە دەکەن؛ تا کارەکە بتوانێ لە ڕستەدا مانایێکی تازە ببەخشێ، وەکو:-

ئەز **مرۆڤ** بوم. ئەز بومە **مروڤ**. ئەزێ **بشول** بوم. ....

شایانی باسە کە مامۆستا صادق بهاءالدین بە (پێ ڤێنەرێت کرنێ) ناو دەبا(٦).

- کارا = بکاری هۆیی (الفاعل السببی) لەم لێکۆڵینەوەیەدا.

---

## پەراوێزەکان

١- لێرەدا زاراوەی (تێنس Tense)مان بەکارهێناوە، چونکە (کات، دەم، سات، دەمی کات، تاف، ... هتد.) لەم زاراوانە (تێنس) ناگەیێنن، بەڵکو هەموویان بۆ (Time) دێن.

٢- [فەرەیدون عەبدول محەمەد (٧: ٤٣)].

٣- بڕوانە (بکار) لە لاپەڕە ٣ی لێکۆڵینەوەکەدا.

٤- بڕوانە:- [(Jardine, R.F. (14: 22)]، [(Mackenzie, D.N. (15: 181)]...

٥- [عەبدوڵڵا حوسێن (٥: ١٨٩)].

٦- بڕوانە:- [صادق بهاءالدین ئامێدی (٣: ٤٥٦)].

# دەسپێک

جارێ پێویستە ئەوە بزانین کە لە ناو مێتالانگویجدا ئاوەڵکاری کات هەیە کە زیاتر کاتی ڕێزمانی دەستنیشان دەکا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە نیە؛ باسی ناکەین.

ئێستاش پێش ئەوەی بزانین تێنس چیە دەبێ ئەوە بزانین کە کات (Time) یان کاتی فیزیکی چیە؟

کاتی فیزیکی:- کاتێکی گشتی نازمانەوانیە، چەمکی (Concept) بە سێ جۆر دیار دەکات:- ڕابوردو، ئێستا، داهاتو[١]. بەم شێوەیەی خوارەوە:-



**کاتی داهاتو** **کاتی ئێستا** **کاتی ڕابوردو**

**(ئەو کاتەی کە هێشتا بە سەرمانا تێنەپەڕیوە)** **(ئەو ساتەی کە تێدا دەژین)** **(ئەو کاتەی کە بە سەرمان تێپەڕیوە)**

کەچی بەپێی زانستی زمان[٢]، **تێنس** بریتیە لە:- پەیوەندی نێوان شێوەی کار و چەمکی کات[٣]. واتە بە گۆڕینی شێوەی کار؛ ئەو کاتەی کە کارەکە دەردەبڕێ دەگۆڕێ. بەڵام ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدا ئەگەر مۆرفیمی کات بە تواوەیی لە ناو کاردا هەبێ؛ بۆیە لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزی بۆ نمونە:- کاری [Write(s)] کاتی ئێستا دەردەبڕێ و هەرکە شێوەکەی بگۆڕێ بۆ (Wrote) کاتی ڕابوردو دەردەبڕێ[٤]، بەڵام لە (Visit) و (Visited)دا مۆرفیمی (ed) مۆرفیمی ڕابوردوە.

لە زمانی کوردیدا، جگە لە هەندێ کاری بێژوک(شاذ) وەکو:- [بێژ -> (گۆت ـ یان ـ گۆ)] و [بین -> (دیت ـ یان ـ دی)[٥]] یا هەندێ شێوەی تێنسی ئێستا و داهاتو، بنجی کار(Base)[٦] ناتوانێ هیچ جۆرە کاتێک دەرببڕێ بە بێ مۆرفیمی سەربەخۆی کات. واتە بنجی کار و مۆرفیمی کات هەردوکیان پێکەوە؛ پەیوەندی لە نێوان کار و کاتدا پەیدادەکەن وەک لەم هێڵکاریەدا پیشان دراوە:-




بەم جۆرە لە گوڤەری بادینی (Local dialect)ی شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا سێ تێنس بەدی دەکرێن کە لە ڕستەدا بەم جۆرە دیار دەبن:-

أ- تێنسی ڕابوردوی سادە:-

بکار + بنجی کار + مۆرفیمی ڕابوردو + مۆرفیمی ڕێککەوتن

ئەز | چ | و | م : ئەز چوم

تێنس

ب- تێنسی ئێستای سادە:-

بکار + مۆرفیمی ئێستا(٧) + بنجی کار + مۆرفیمی ڕێککەوتن

ئەز | د | چ | م : ئەز دچم

تێنس

ج- تێنسی داهاتو:-

بکار + مۆرفیمی داهاتو[٨] + بنجی کار + مۆرفیمی ڕێککەوتن

ئەز          دێ          چ          م          : ئەز دێ چم

تێنس

سەرەڕای ئەم سێ تێنسە و بۆ دەربڕینی وردتری کات (Time) و بە هاوکاری ئەسپێکت[٩] کە لە زمانی کوردیدا [بەردەوامی یا بەدوای یەکدا هاتن، تەواوی، دوری]یان پێ دەبەخشێ؛ شێوەی تری لێ پەیدا دەبێ، بۆ نمونە:- ڕابودوی بەردەوام، ڕابوردوی تەواو، ڕابوردوی دور، ئێستای بەردەوام....

چۆنیەتی هاتن و نەهاتنی ئەم تێنسانە و شێوەکانیان بە پێی ڕێژەی کار (Mood) لە ڕستەدا کە [ڕاگەیاندنە (Indicative)، یا فەرمانە (Imperative)، یا مەرجە (Subjunctive)[١٠]] دەگوڕێ؛ بۆیە هەوڵدەدەین لەگەڵ ئەو هەمو جۆرە ڕێژانەدا بەکاری بێنین.

---

## پەراوێزەکان

١- [Quirk, R. and Greenbaum, S. (17: 40)].

٢- بڕوانە:- [د. یوئیل یوسف عزیز (٢٢: ٢٦١-٢٦٢)].

٣- [Quirk, R. and Greenbaum, S. (17: 40)].

٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:- یاساکانی مۆرفوفۆنیمیکس [نوم جومسکي (٢١: ٤٥-٤٦)] یان [د. یوئیل یوسف عزیز (٢٢: ٢٦٣)].

٥- [پرۆفیسۆر ک.ک. کوردۆییێف (٨: ١٨٢)]

٦- (بنجی کار) واتە:- بچوکترین یەکەی کار کە بتوانێ تایبەتیەکانی کار بپارێزێ و لەوە زیاتر کەرت نەکرێ [بە دەستکاریەوە لە:- د. شێرکۆ بابان (٢: ١٨)].

شایانی باسە کە تا ئێستا ئەمە بە (ڕەگی کار) لە قەڵەم دراوە، بەڵام بەلامانەوە ئەمە (چاوگی کارە) کە کەرت یان مۆرفیمی لەسەر زیاددەکرێ بۆ وەدەست هێنانی کاری تازە، یا تێنسی ئێستا، ڕابوردو، داهاتو، یا بە زیادکردنی (ن)ی ناوکردنی کار لەسەر تێنسی ڕابوردو بۆ وەدەست هێنانی ناوی کار (Verbal noun) [کە پێی دەوترێ (چاوگ)] وەکو:-

کوژ -> کوژت، ئینجا (کوژت) به یاسای فۆنۆلۆجی دەگۆڕێ و دەبێتە (کوشت)، پاشان (کوشتن).

یا بژێر -> بژێرت، ئینجا (بژێرت) به یاسای فۆنۆلۆجی دەگۆڕێ و دەبێتە (بژارت)، پاشان (بژارتن).

یا چین -> چیند، ئینجا (چیند) به یاسای فۆنۆلۆجی دەگۆڕێ و دەبێتە (چاند)، پاشان (چاندن).

شایانی باسە کە تا ئێستا بە پێچەوانە لەمە کۆڵراوەتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە زاراوەی (بنج)مان بەکارهێناوە.

٧- لەوانەیە بوترێ کە (د ـ D) لە (Di) دا زیادە و تەنیا (i) مۆرفیمی کاتی ئێستایە کە لە شێوەی خواروی زمانی کوردیدا دەبێتە (ە ـ E)[عەبدوڵلا حوسێن (٥: ١٢٠)]. ئێمە لەگەڵ ئەم ڕایەدا نین؛ چونکە (i) ڤاوڵێکی زۆر کورتە و هەندێ جار دیار دەبێ و هەندێ جار دەکەوێ [غازی فاتح وەیس (٦: ٦٨- ٧٩)].. هاتن و نەهاتنی لەم مۆرفیمەدا بەندە بە ئینتۆنێشنەوە (Intonation) بۆ نمونە:- (Ve**d**girim <- **Di** girim).

لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێ کە ئەو (د)ەی هاوکاری لە داڕشتنی تێنسی ئێستادا دەکا.. جیاوازە لەو (د)ەی دەچێتە سەر تێنسی ڕابوردو و ڕابوردوی بەردەوام پێک دێنێ کە دەبێتە مۆرفیمی بەردەوامی (Progressive)؛ چونکە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە کە لە (زمانی کوردی ـ دیالێکتی ژورو ـ گوڤەری بادینی)دا دو مۆرفیمی سەربەخۆی کات بۆ یەک کار پێکەوە نایەن.

٨- لێرەدا دور نیە بوترێ کە (د) مۆرفیمی بەردەوامیە، یا زیادە و تەنیا (ێ) مۆرفیمی داهاتوە [عەبدوڵلا حوسێن (٥: ١٢٠)]. بۆ ئەمە دەبێ ئەوە بزانین کە ڕاستە لە هەندێ گوڤەری شێوەی ژوروی کوردیدا ئەم (د)ە دەسوێ و هیچ دەورێکی ڕێزمانی ناگۆڕێ، بۆ نمونە:- (ئە**زێ** هەرم) [پرۆفیسۆر ک.ک. کوردۆییڤ (٨: ٢٢٦)]، یا (دێ) دەبێتە (وێ)، یا (ئێ)، یا (وێ ب) [جگەرخوین (١: ١٥٠ـ ١٥٣)]، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم مۆرفیمە کاتێ کە لە لاڕستەی ئەنجامدا (Result clause) دێت [بۆ دەربڕینی کاتی داهاتو لە ڕابوردودا (Quirk, R. and Greenbaum, S. (17: 50)]، دەبێتە (دا) و (د)ەکە بە هیچ جۆرێ ناسوێ و ناگۆڕێ و هیچی لەسەری زیادنابێ وەکو:- (هەر کەسێ خو نێزیک کربا، **دا** خو د ناڤ چاڤا وەرکەن) [صادق بها ءالدين ئامێدی (٤: ٨٧)]؛ بۆیە ئێمە(دێ) بە مۆرفیمی سەربەخۆی داهاتو دەزانین.

لەوانەیە بوترێ:- لەبەر ئەوەی کە (دێ) جیادەبێتەوە لە (بنجی کار) وەکو:- ئەز **دێ** سوباهی سپێدێ **چم**؛ بۆیە (دێ ـ چ) نابێتە تێنس، چونکە دو وشەی لەیەکتر جیان [بڕوانە:- (Aitchison, J. (12: 59)].

ئێمە وای بۆ ناچین، چونکە بەم جۆرە بێ (**دەیانگرم**)یش نابێتە تێنس چونکە (دە ـ گر) لەیەکتر جیادەبنەوە؛ واتە لە زمانی کوردیدا تەنیا یەک تێنس دەمێنێ کە تێنسی ڕابوردوە. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە ئەگەر هەردو مۆرفیمەکە [(دێ ـ چ) یا (دە ـ گر)] پێکەوە لە یەک ڕستەدا نەبن ناتوانن کاتی دیارکراو دەربڕن.

٩- ئەسپێکت:- پەیوەستە بە شێوەی دەربڕینی ڕودانی کار [Quirk, R. and Greenbaum, S. (17: 40)].

یان (Aspect) حالة الفعل من حيث البدء أو الاستمرار أو التمام أو الانقطاع [محمد علي الخولي (٢٠: ٢٣)].

١٠- بڕوانە:- VERBS MOOD [Eckersley,C. E. and Eckersley, J. M. (13: 225-226)].

# بەشی یەکەم

## تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی لەم گوڤەرەدا لە هەمو ڕوییێکەوە بیخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وەکو لە پێشەکیدا هاتوە، ئەم بەشە دابەش دەبێتە سەر سێ بەند.

لە بەندی یەکەمدا هەمو ئەو کارانەی کە پێشتر لەسەر ئەم تێنسە و شێوەکانی لەم گوڤەرەدا ئەنجام دراون دەخەینە ڕو و لایەنی باشی و کەم و کورتیەکانیان پیشان دەدەین.

لە بەندی دوەمدا تەواوی بۆچونمان لەسەر ئەم تێنسە و شێوەکانی لە تەکنیکی بکاردیاردا دەردەبڕین، ئەویش بە شیکردنەوە و هێنانی نمونە لە کارەکانی بەهێز و بێهێز و تێپەڕ و تێنەپەڕ و بێ پێشبەند و بە پێشبەندەوە، هەموشیان لە دۆخەکانی ئەرێ و نەرێدا؛ بۆ ئەوەی بە تێر و تەسەلی هەمو لایەنەکانی ئەم تێنسە و شێوەکانی ڕون و ئاشکرا بن.

لە بەندی سێیەمیشدا بە هەمان شێوەی بەندی دوەم تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی لە تەکنیکی بکارنادیاردا دەخەینە ڕو.

شایانی باسە کە شێوەکانی ئەم تێنسە وەکو لە قسەکردنی ئەم گوڤەرەدا هەن بەم جۆرەی خوارەوەن:-

أ- ڕێژەی ڕاگەیاندن (Indicative).

١- ڕابوردوی سادە. ٢- ڕابوردوی بەردەوام.

٣- ڕابوردوی تەواو. ٤- ڕابوردوی دور.

ب- ڕێژەی مەرجی (Subjunctive).

١- ڕابوردوی مەرجی سادە. ٢- ڕابوردوی مەرجی تەواو.

ئێمەش هەر بەم جۆرە ئەنجام دەدەین.

# بەندی یەکەم

## تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی لە کارەکانی پێشتردا

بەم جۆرە لە کارەکانی پێشتردا لەسەر ئەم گوڤەرە، باسی تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی هاتوە:-

**أ- جاڕدین**[١]

١- ڕابوردوی سادە (The Preterite)

وەکو:- ئەز خواستم.  ئەو خواست.  ....

٢- ڕابوردوی ناتەواو (The Imperfect)

وەکو:- ئەز دە[٢] خواستم.  ئەو دەخواست.  ....  [ل٢٨]

٣- ڕابوردوی تەواو (The Perfect Tense)

وەکو:- ئەز خواستیمە.  ئەو خواستیە.  ....  [ل٣٠]

٤- ڕابوردوی دور (The Pluperfect Tense)

وەکو:- ئەز خواستی بوم (یان بیم...).  ئەو خواستی بو.[٣]  ....

٥- ڕابوردوی مەرجی تەواو (The Perfect Subjunctive)

وەکو:- ئەز خواستی بامە (یان بام...).  ئەو خواستی بایە (با)[٤]  ....

٦- ڕابوردوی ئەگەری تەواو (A Conditional Perfect)

تەنیا لە «Apodosis»دا بەکاردێت.

بە زیادکردنی (دا) لە پێشەوەی ڕابوردوی مەرجیدا پێک دێت.

وەکو:- هەکە ئەز نەڕەڤی بامە ئەوان ئەز دا کوشتی بامە.[٥]  ....  [ل٣١]

هەبون ـ کاری «وجود»

١- ڕابوردوی سادە  :- هەبو.

٢- ڕابوردوی ناتەواو  :- دەهەبو.[٦]

٣- ڕابوردوی تەواو  :- هەبویە.[٧]

٤- ڕابوردوی دور :- هەبوبو.(٨)

٥- ڕابوردوی مەرجی تەواو:- هەبایە. [ل٣٤]

لە (بون)ی بێهێزدا [ (بون = ولادة) و (بـون = كينونة) و (بـون = صيرورة) ]تێکەڵ دەکـات و بەم جۆرە بۆچونەکەی دەردەبڕێ:-

١- ڕابوردوی سادە :- ئەز بوم (بیم). ئەز نەبوم.

٢- ڕابوردوی ناتەواو:- ئەز دەبوم. ئەز نەدەبوم (یان ئەز نەبوم).

٣- ڕابوردوی تەواو :- ئەز بویمە. ئەز نەبویمە.

٤- ڕابوردوی دور :- ئەز بوی بوم (ئەز بی بیم). ئەز نەبوی بوم (ئەز نەبی بیم).(٩)

٥- ڕابوردوی مەرجی:- ئەز بوی بامە (ئەز بی بامە). ئەز نەبوی بامە (ئەز نەبی بامە).(١٠)

٦- ڕابوردوی مەرجی (شێوەی کورت):- ئەز بام. ئەز نەبام. [ل ل ٢٠-٢١]

<u>«هاتن» بۆ دروست کردنی بکارنادیار بەکاردێت</u>

کـاتێ کـە کـارا (Agent)ی کـارەکە نادیار بێ و لە ڕوی ڕێزمـانیـەوە نەزانراو بێ؛ ئەو کـاتە تەکنیکی بکارنادیار دێتە کایەوە بە تێکەوتنی (Circumlocution) هاتن و چاوگی کارەکە، وەکو:-

- ئەز هاتمە گرتن.
- سەر یێ **هاتیە برینێ** ناهێتە کرینێ.
- .... [ل ٣٢]

نەرێی داهاتو و مەرجی (نا)یە، هی تێنسەکانی تر (نە)یە. [ل ٢٢]

**ب- مەکەنزی**(١١)

١- ڕابوردو (Past)

وەکو:- کە (ف) تم. ....

٢- ڕابوردوی ناتەواو (Past Imperfect)

وەکو:- ت(١٢) ـ کە (ف) تم. ....

٣- تەواوی ڕاگەیاندن (1) (Perfect Indicative)

وەکو:- کە (ف) تیمە. ....

٤- تەواوی ڕاگەیاندن (2) (Perfect Indicative)

وەکو:- کە (ف) تیم.(١٣) ....

٥- ڕابوردوی دور (Pluperfect)

وەکو:- کە (ف) تبوم. ....

٦- ڕابوردوی ئەگەری (Past Conitional)

وەکو:- بکەتام (ا).(١٤) ....

٧- مەرجی تەواو (Perfect Subjunctive)

وەکو:- کە (ف) تبم. ....

٨- ئەگەری تەواو (Perfect Conditional)

وەکو:- کە (ف) تبام (ا). .... [ل١٩٠]

کارەکانی «تەئکید» (Certain Verbs)

مۆرفیمی (هە) لەگەڵ کاری (بون) کاری بێهێزی (defective) هەبون (وجود exist) پێک دێن.

وەکو:- هەمە، هەیی، هەیە، هەنە.

نەرێیەکەی بەشێوەی سادەی (نیە) دەبێ. [ل ١٩٠]

١- ڕابوردو، ڕابوردوی ناتەواو:-

ئاکرێ:- هەبو، هەبون. زاخو:- هەبی، هەبین.

وەکو:- حاکمەکی سێ کوڕ هەبون. یان سێ کوڕ هەبین گەل کچەک.

٢- تەواوی (1):-

هەبیە، هەبینە،(١٥)

٣- تەواوی ئەگەری:-

هەبا.

وەکو:- هەر کەسەکێ مارەمەک هەبا. [ل ١٩١]

بکارنادیاری درێژ (Passive Periphrasis)

... دەربڕینی بکارنادیار بەبێ دەستنیشانکردنی کارا (agent) [لە کاری (هاتن) و ئامرازی (Preposition) (ە) کە کار، لە چاوگی کاری تێپەڕ دەکات (Governing)] پێک دێت، وەکو:-

- چەند دزیێ... هاتینە کرن.

- سندۆق... یا هاتیە شکاندن.

- وێ هاتی (؟ بۆ هاتیە) ئاڤاکرن. [ل ١٩٥]

نیشانەکانی نەرێ (Negative affixes)

- [نا -] دەچێتە پێش ئێستای سادە؛ نەرێی ئێستای ڕاگەیاندن و تێنسەکانی داهاتو دروست دەکات.

- [نە -] دەچێتە پێش هەمو تێنسەکانی تر [جێگای (ب) دەگرێ لە ئێستای مەرجیدا] و شێوەی نەرێی ئەم فۆرمانە دروست دەکات. [ل ١٨١]

**ج- جویس بلو**(١٦)

١- ڕابوردوی سادە (Prétérit)

وەکو:- کەفتم.

٢- ڕابوردوی ناتەواو [Imparfait (passé)]

وەکو:- ت(١٧)کەفتم.

٣- ڕابوردوی تەواو(1) (Parfait)

وەکو:- کەفتیمە.

٤- ڕابوردوی تەواو(2) (Parfait)

وەکو:- کەفتیم.(١٨)

٥- ڕابوردوی دور (Plus-que-parfait)

وەکو:- کەفتبوم.

٦- تەواوی مەرجی (Parfait du sudjonctif)

وەكو:- كەفتبم.

٧- تەواوی ئەگەری (Parfait du conditionnel)

وەكو:- كەفتبام(ا).

٨- ڕابوردوی ئەگەری (Passé du conditionnel)

وەكو:- بكەفتام(ا)[١٩]. [ل ٩٢]

كاری (بون/ ب ـ)

بۆ دو مانا بەكار دێت

a- بە واتای (يصبح)، وەكو:-

ئامێدی:- دا سار ببيت.

سنجاری:- كێر تێ ڕۆژەكێ شوغلا مە خرا ببە.

b- بە واتای (يكون)، وەكو:-

ئامێدی:- بلا د حەماموكێڤە بيت.

سنجاری:- وا كر ئەز گونەهكار بم ل بەر خودێ.

١- ڕابوردوی سادە (Prétérit)

وەكو:- بو.

٢- ڕابوردوی ناتەواو [Imparfait (passé)]

وەكو:- تبو.

٣- ڕابوردوی تەواو(1) (Parfait)

وەكو:- بويە.[٢٠]

٤- ڕابوردوی تەواو(2) (Parfait)

وەكو:- بوی.[٢١]

٥- ڕابوردوی دور (Plus-que-parfait)

وەكو:- بوبو.[٢٢]

٦- تەواوی مەرجی (Parfait du sudjonctif)

وەکو:- بوبیت.[٢٣]

٧- تەواوی ئەگەری (Parfait du conditionnel)

وەکو:- بوبا (ـ یا)[٢٤].[٢٥]

٨- ڕابوردوی ئەگەری (Passé du conditionnel)

وەکو:- با (ـ یا).[٢٦]          [ل ٦٨]

کاری (هەبون/ هەب ـ)

مانای (امتلاک) دەدا. تەنیا بۆ کەسی سێیەمی تاک و کۆ بەکار دێت.

١- ڕابوردوی سادە (Prétérit)

وەکو:- هەبو.   هەبون.

٢- ڕابوردوی تەواو(1) (Parfait)

وەکو:- هەبی یە.   هەبینە.[٢٧]

٣- تەواوی ئەگەری (Parfait du conditionnel)

وەکو:- هەبا.   هەبان(ا).

بو نمونە:- سنجاری: ـ بەس لهێفکەک وان هەبو تشتەک نینە.          [ل ٧٠]

بکارنادیاری درێژ (La périphrase passive)

جۆرێکی درێژکردن هەیە کە بکارنادیار دەردەبڕێ، وەکو کاری (هاتن/ هێ) لە ئامێدی و (هاتن/ ێ) لە سنجار. ئەم هاتنە گەردان دەکرێ لەگەڵ هەمو تێنسەکاندا، وەکو:-

ئامێدی:- عاجز نەبی... هەمی هاتە خارن.          [ل ٧٢]

(نا ـ) پارچەی نەرێکردنە بۆ:- ئێستای ڕاگەیاندن یان داهاتو.

(نە ـ) لە هەمو تێنسەکانی تردا بۆ نەرێکردن دێت.          [ل ٦٠]

**د- صادق بهاءالدین**[٢٨]

جۆرەکانی ڕابوردووی «اخباری»

١- ڕابوردووی (مطلق)

وەکو:- ئەز هاتم.    ئەز نەهاتم.

من گرت.    من نەگرت.

٢- ڕابوردووی نزیک

وەکو:- ئەز نڤستی مە (ئەزێ نڤستیم).    ئەز نەنڤستی مە.

من گرتی یە.    من نەگرتی یە.

٣- ڕابوردووی بەردەوام

وەکو:- ئەز دهاتم.    ئەز نەدهاتم.

من دگرت.    من نەدگرت.

٤- ڕابوردووی دوور

وەکو:- ئەز نڤستبوم.    ئەز نەنڤستبوم.

من دیتبو.    من نەدیتبو.

جۆرەکانی کاری ڕابوردووی «انشائی»

١- صیغەی ئینشائی بەرانبەر ڕابوردووی «اخباری» (مطلق)

وەکو:- ئەز نڤستبام (بنڤستام).    ئەز نەنڤستبام (نەبنڤستام).

من گرتبا (بگرتا).    من نەگرتبا (نەبگرتا).

٢- صیغەی ئینشائی بەرانبەر ڕابوردووی بەردەوامی «اخباری»

وەکو:- ئەز بنڤستبام.    ئەز نەنڤستبام.

من بکربا.    من نەبکربا.[٢٩]

٣- صیغەی ئینشائی بەرانبەر ڕابوردووی نزیکی «ئیخباری»

وەکو:- ئەز نڤستبم.    ئەز نەنڤستبم.

من گرتبت.    من نەگرتبت.

٤- ڕابوردووی ئینشائی بەرانبەر ڕابوردووی دووری خەبەری

وەكو:- ئەز نڤستبوياما.        ئەز نەنڤستبوياما.

من گرتبويا.        من نەگرتبويا.(٣٠)        [ل ل ٣٢٧ - ٣٤٧]

كارى هەبوون (Verb to have)

وەكو:- من هەبو (هەبون).        من نەبو (نەبون).        [ل ٢١٦]

كارێ بوينێ (Verb to be)

١- دەمێ بۆرى

وەكو:- ئەز بوم.        ئەز نەبوم.

٢- دەمێ نێز بۆرى

وەكو:- ئەز بومە.        ئەم بونە (بوينە).

٣- دەمێ بۆرى ب سەرڤە چۆيى (Past continuous)

وەكو:- ئەز (دبوم) دبومە.        ئەز نەدبومە.

٤- دەمێ بۆرى چيرۆكى (ڕابوردوو زۆر دوور)

وەكو:- ئەز بوبوم.        ئەز نەبوبوم.(٣١)

٥- دەمێ ئنشائى

وەكو:- ئەز بياما.        [ل ل ٢٠٦ - ٢١١]

٦- دەمێ دوير بۆرى (كاتى ڕابوردووى دوور)

وەكو:- ئەز ببوم.(٣٢)        [ل ٤٥١]

كارى بزر (Passive)

١- نێز بۆرى

وەكو:- نان هاتە (هات) خارن ژ لايێ مێهڤاناڤە.

٢- دوير بۆرى

وەكو:- نان هاتيە خوارن ژ لايێ مێهڤانان ڤە.

٣- كرنا بۆرى چيروكى

وەکو:- نان هاتبو خارن.

٤- کرنا خاستە بۆری

وەکو:- خوزی نان هاتبا (بهاتا) خوارن.

٥- کرنا بۆری ب سەرڤە چۆیی

وەکو:- نان دهات خارن.

کرنا هاریکار یا دووێ یا کو ب کارتێت ژ بو ڤەگوهازتنا هەڤەکێ پەنی بو نەپەنی «دان»ە کو دڤان نمونێت ژێری دا دیار دبیت:-

١- دەمێ دویر بۆری

وەکو:- من دەرس دا نڤیسین (نڤیسینێ).[٣٣]

٢- دەمێ بۆری چیروکی

وەکو:- من دەرس دابو نڤیسین.

٣- خاستە بۆری (انشائی)

وەکو:- خوزی من دەرس دابا نڤیسین.

٤- کرنا بۆری ب سەرڤە چویی

وەکو:- دوهی من دەرس ددا نڤیسین.

٥- دەمێ نێز بۆری

وەکو:- من باغچە دا ئاڤدان. [ل ل ٣١٢ - ٣١٤]

**هـ- شرین**[٣٤]

١- تێنسی ڕابوردوی سادە (Simple Past Tense)

کارەکانی تێنەپەڕ (Intransitive Verbs)، وەکو:-

ـ زەلام چو ئستانبولێ.

ـ ئەو نەچو ئستانبولێ.

کارەکانی تێپەڕ (Transitive Verbs)، وەکو:-

- وی ژەبەش خوار.

- وی ژەبەش نەخوار. [ل ٢٦٢]

٢- ئەسپێکت/ تێنسی تەواو (Perfect Tense/ Aspect)، وەکو:-

- ئەو چوی یە؟

- ئەو نەچوی یە.

- ئەویَ چوی.

- وی خواری یە؟

- وی نەخواری یە.

- وی ییَ خواری.

٣- ئەسپێکت/ تێنسی دور (Pluperfect Tense/ Aspect)، وەکو:-

- ئەو چوبی سلۆپی.

- ئەو نەچوبی سلۆپی.

- وی نان خواربی.

- وی نان نەخواربی.(٣٥) [ل ٢٦٥]

٤- ڕستەکانی مەرجی (2) (Subjunctive II Sentences)، وەکو:-

- لازم بی ئەو چوی با.

- نە لازم بی ئەو چوی با.

- لازمە وی سێڤ خواری با.

- لازمە وی سێڤ نەخواری با.(٣٦)

بکارنادیار (Passive Construction)، وەکو:-

- گێزەر هات خوارن. - گێزەر نەهات خوارن. [ل ٢٦٦]

**و- ئیبراهیم ڕەمەزان**(٣٧)

١- دەمێ بۆری

وەکو:- ئەز **چووم** بۆ بازاری.

ئەز **نەچووم** بۆ بازاری.

٢- دەمێ بۆری یێ سەرێک

وەکو:- من نان **دخوار** دەما تو هاتی.

من نان **نەدخوار** دەما تو هاتی.

٣- دەمێ تەواوبۆر

أ- وەکو:- ئەز **چوویی مە** بۆ زاخۆیێ.

ئەز **نەچوویی مە** بۆ زاخۆیێ.(٣٨)

ب- وەکو:- من نان و پەنیر **وێ خواری**.(٣٩)

٤- دەمێ دووربۆر

وەکو:- وی سێڤ **کڕیبوون**، دەما وی تو دیتی.

وی سێڤ **نەکڕیبوون**، دەما وی تو دیتی.

ڕێژەیا بلانی (Subjunctive Mood)

١- دەمێ بۆری یێ بلانی

وەکو:- هەکەر ئەز **چووبام**.

تێبینی:- هن دەڤەر ئەڤێ ڕێزێ بکار دینن:- هەکەر من **بکرا**.(٤٠)

٢- دەمێ تەواوبۆرێ بلانی

وەکو:- هەکەر من **کڕیبایا**.(٤١)

٣- دەمێ دووربۆرێ بلانی

وەکو:- خوزی من **کڕیبووا** (**بوو وا**).(٤٢)

دوای ئەوە نمونەییێکی تر دێنێ بەم جۆرە:- هەکەر ئەز **چوویی باما**.(٤٣)

ڕێژەیا مەرجی (Conditional Mood)

١- ڕەوشا نەهاتووباتێ

وەکو:- هەکەر ئەز **چووبام**، تو دا هێیی.[٤٤]

٢- رەوشا چێنەبوونێ

وەکو:- هەکەر ئەز **چوویی بووما**، تو دا **هاتی بایا**.[٤٥] [ل ل ٩٥ - ١٠٩]

پیشکا هەبوونێ (Verb to have)

١- دەمێ بۆری یێ گۆتنێ

وەکو:- من سێڤەک **هەبوو**. من سێڤەک **نەبوو**.

٢- دەمێ بۆری یێ بلانی

وەکو:- هەکەر من **هەبا**. هەکەر من **نەبا**.

٣- دەمێ تەواوبۆرێ بلانی

وەکو:- هەکەر من **هەبایا**.

هەکەر من **نەبایا**.[٤٦]

٤- دەمێ دووربۆرێ بلانی

وەکو:- هەکەر من **هەبووا** (**بوو وا**).

هەکەر من **نەبووا** (**بوو وا**).[٤٧] [ل ل ١٣١ - ١٣٤]

٥- دەمێ بۆری

وەکو:- ئەز **هەبووم** سالا (١٩٣٠)ێ. [ل ١٤٩]

پیشکا بوونێ (**فعل الكينونة** Verb to be) (**فعل الصيرورة** Verb to become)

١- دەمێ بۆری یێ گۆتنێ

وەکو:- ئەز **بووم**.

ئەز **نەبووم**.

٢- دەمێ بۆری یێ بلانی

وەکو:- هەکەر ئەز **بیام** پزیشک.

٣- دەمێ بۆری یێ سەرێکێ گۆتنێ

وەکو:- ئەز **دبووم** دارتاش.

٤- دەمێ تەواوبۆرێ گۆتنێ

وەکو:- ئەز **بوویی مە** ئاسنگر.

٥- دەمێ دووربۆرێ گۆتنێ

وەکو:- ئەز **بوویی بووم** زێرنگر.(٤٨)

٦- دەمێ تەواوبۆرێ بلانی

وەکو:- هەکەر ئەز **بوویی باما** مامۆستا.(٤٩)

٧- دەمێ دووربۆرێ بلانی

وەکو:- خوەزی ئەز **بوویی بووما** پزیشک.(٥٠)(٥١) [ل ل ١٣٥ - ١٣٩]

نەدیار(Passive)

١- دەمێ بۆری

وەکو:- سێڤەک **هات** خوارن.

٢- دەمێ بۆری یێ سەرێک

وەکو:- سێڤەک **دهات** خوارن.

٣- دەمێ تەواوبۆر

وەکو:- سێڤەک **هاتی یە** خوارن.

٤- دەمێ دووربۆر

وەکو:- سێڤەک **هاتی بوو** خوارن.(٥٢)

تێبینی:- پیشکێن تێپەر ب تنێ دبن نەدیار. [ل ل ١٤٠ - ١٤١]

دوای پێش چاوکردنی ئەم کارانەی پێشتر دەگەینە ئەم خاڵانە:-

**کاری بەهێز**

**ڕێژەی ڕاگەیاندن**

**١- ڕابوردوی سادە**

أ- ناوی شێوەکە:- هەمویان ڕێکدەکەون لەسەر (ڕابوردوی سادە)، تەنیا مامۆستا صادق بهاءالدین نەبێ کە بە [ڕابوردوی (مطلق)] ناو دەبا.

ئێمەش ناوی (ڕابوردوی سادە)مان لا باشە.

ب- پێکهاتن:- هەمویان ڕێکدەکەون کە ئەم شێوەیە بەم جۆرە پێک دێت:-

- ئەرێ:- بنج + م.[٥٣] ڕابوردو + م. ڕێککەوتن

وەکو:- خواستم.

- نەرێ:- م. نەرێ + بنج + م. ڕابوردو + م. ڕێککەوتن

وەکو:- نەگرت.

**٢- ڕابوردوی بەردەوام**

أ- ناوی شێوەکە:- بە دو جۆر هاتوە (بەردەوام) و (ناتەواو). ئێمە (ڕابوردوی بەردەوام) پەسەند دەکەین؛ چونکە ئەو (د)ەی کە تایبەتی ئەم شێوەی تێدایە بەردەوامی دەردەبڕێ وەکو جارڕدین دەڵێ.

ب- پێکهاتن:- ئەوانەی کە ئەم شێوەیان دەستنیشانکردوە ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی کە پێکهاتنی ئەم شێوەیە بەم جۆرەیە:-

- ئەرێ:- م. بەردەوامی + بنج + م. ڕابوردو + م. ڕێککەوتن

وەکو:- د[٥٤]هاتم.

- نەرێ:- م. نەرێ + م. بەردەوامی + بنج + م. ڕابوردو + م. ڕێککەوتن

وەکو:- نەدهاتم.

**٣- ڕابوردوی تەواو**

أ- ناوی شێوەکە:- هەمویان ڕێکدەکەون لەسەر (ڕابوردوی تەواو)، تەنیا مامۆستا صادق بهاءالدین نەبێ کە (ڕابوردوی نزیک)ی بۆ داناوە. ئێمەش (ڕابوردوی تەواو) پەسەند دەکەین.

ب- پێکهاتن:- هەمویان ڕێکدەکەون کە ئەم شێوەیە بەم جۆرە پێک دێت:-

- ئەرێ:- بنج + م. ڕابوردو + م. تەواوی + م. ڕێککەوتن

وەکو:- نڤستیمە.

- نەرێ:- م. نەرێ + بنج + م. ڕابوردو + م. تەواوی + م. ڕێککەوتن

وەکو:- نەنڤستیمە.

شایانی باسە کە ئەم شێوەیە لە گوڤەری بادینیدا تەنیا لە ئەرێی ڕاگەیاندنی ڕوتدا بەم جۆرەش هەیە:- ئەزێ (ا) نڤستیم.

واتە جۆرێکی تری دەربڕینی شێوەی (ڕابوردوی تەواو)ە نەک شێوەییێکی سەربەخۆ.

**٤- ڕابوردوی دور**

أ- ناوی شێوەکە:- هەمویان ڕێکدەکەون لەسەر (ڕابوردوی دور).

ب- پێکهاتن:- هەمویان ڕێکدەکەون کە ئەم شێوەیە بەم جۆرە پێک دێت:-

- ئەرێ:- بنج + م. ڕابوردو + م. دوری + م. ڕێککەوتن

وەکو:- کە(ف)تبوم(بیم).

- نەرێ:- م. نەرێ + بنج + م. ڕابوردو + م. دوری + م. ڕێککەوتن

وەکو:- نەنڤستبوم(بیم).

**ڕێژەی مەرجی**

**١- ڕابوردوی مەرجی سادە**

أ- ناوی شێوەکە:- لێرەدا لەبەر جۆرە جیاوازەکانی ئەم شێوەیە (چوبام، بچوام، بچوبام، چوبوام یان چوبوبام) و مەبەستی جیاواز لەم شێوەیەدا[٥٥]؛ هەر یەکە و ناوێک لەم شێوەیەی ناوە.

بە بۆچونی ئێمە ئەمە شێوەی ڕابوردوی مەرجی سادەیە؛ چونکە مامۆستا صادق بهاءالدین بەرامبەر (ڕابوردوی ڕاگەیاندنی سادە) دادەنێ.

ب- پێکهاتن:- جگە لە وانەی کە کاری بەهێز و بێهێز لەم شێوەیەدا تێکەڵ کردوە وەکو (جاڕدین و شرین) ئەوانی تر ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی کە ئەم شێوەیە بەم جۆرە پێک دێت:-

- ئەرێ:- بنج + م. ڕابوردو + م. مەرجی + م. ڕێککەوتن

وەکو:- کە(ف)تبام.

- نەرێ:- م. نەرێ + بنج + م. ڕابوردو + م. مەرجی + م. ڕێککەوتن

وەکو:- نەنڤستبام.

**٢- ڕابوردوی مەرجی تەواو**

أ- ناوی شێوەکە:- ئەوانەی ئەم شێوەیەیان دەستنیشانکردوە بەم جۆرە ناو دەبەن:-

- مەکەنزی و جویس بلو:- مەرجی تەواو.

- صادق بهاءالدین:- ئینشائی بەرانبەر ڕابوردوی نزیکی «ئیخباری».

ئێمەش (ڕابوردوی مەرجی تەواو) پەسەند دەکەین.

ب- پێکهاتن:- هەرسێ مامۆستاکان (مەکەنزی، جویس بلو، صادق بهاءالدین) کە ئەم شێوەیان دەستنیشانکردوە ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی کە ئەم شێوەیە بەم جۆرە پێک دێت:-

- ئەرێ:- بنج + م. ڕابوردو + م. مەرجی + م. ڕێککەوتن

وەکو:- کە(ف)تبم.

- نەرێ:- م. نەرێ + بنج + م. ڕابوردو + م. مەرجی + م. ڕێککەوتن

وەکو:- نەگرتبت.

**کاری بێهێز**

لە زۆربەی ئەم کارانەی پێشتردا کاری (هەبون) و (بون) وەکو دو کاری سەربەخۆ باسکراون؛ واتە دو کارن نەک یەک کار.

بۆ زیاتر سەلماندنی ئەمە تێستێکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە، لە شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا دو دەستە ڕاناوی جودا هەن. دەستەی [ئەز، تو، ئەو، ئەم، هون، ئەو] لەگەڵ کاری (تێنەپەڕ) لە ڕابوردودا وەک (بکار) دەردەکەون و دەستەی [من، تە، ئەو(ی،ێ)، مە، وە، ئەو(ان)] لەگەڵ کاری (تێپەڕ) لە ڕابوردودا وەک (بکار) دەردەکەون.[٥٦]

ئەگەر ئەمە لەگەڵ (بون) و (هەبون)ی بێهێز بەکاربێنین؛ بەم جۆرە دەبێ:-

**هەبون:- من هەبو.        ئەز هەبوم.**

**بون    :- ئەز بوم.**

کاری (هەبون) هەردو دەستە وەردەگرێ و کاری (بون) تەنیا دەستەی (ئەز) وەردەگرێ کە دەبنە (بکار) بۆیان؛ کەواتە کاری (هەبون) تێپەڕە و تێنەپەڕیشە، بەڵام کاری (بون) تەنیا تێنەپەڕە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە (هەبون) و (بون) دو کاری سەبەخۆن نەک یەک کار.

**هەبون**

لەم کارەدا ئەو شێوانەی کە زۆربەیان باس دەکەن ئەمانەن:-

**١- ڕابوردوی سادە**

وەکو:- من هەبوو.        من نەبوو.

ئەز هەبووم.

**٢- ڕابوردوی مەرجی سادە**

وەکو:- من هەبا(ە،ا).        من نەبا(ە،ا).

بەڵام شێوەکانی تری کاری (هەبون) بە تەواوی باس نەکراون.

**بون**

ئەم کارە وەکو (جویس بلو) و (ئیبراهیم ڕەمەزان) باس دەکەن بۆ دو مانا بەکار دێت (کینونة) و (صیرورة).

شایانی باسە کە کەس شێوەکانی بە ڕێکوپێکی دانەگرتوە؛ چونکە تێکەڵیەک لەلایان پەیدابوە لەنێوان (بون = ولادة) و(بون = کینونة) و (بون = صیرورة).

**بکارنادیار**

لە زۆربەی ئەم کارانەی پێشتردا تەنیا دەستنیشانی یەک جۆری ئەم تەکنیکە کراوە، مامۆستا صادق بهاءالدین نەبێ کە هەردو جۆرەکەی دەستنیشان کردوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ناوی تەواویان بۆ دابنێ و لە هەمو شێوەکانیشدا گەردان نەکراون.

ئێمە بە باشمان زانی جۆری یەکەم ناوبنێین (بکارنادیاری سادە)؛ چونکە تەنیا تەکنیکی

بكارنادیار دەردەبڕێ، بەڵام جۆری دوەم بە ناوی (بکارنادیاری هۆیی) ناو دەبەین؛ چونکە لەم جۆرەدا جۆرە بکارێک هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی **بکاری نادیار کارێک بەجێ بێنێ**.

پێکهاتنی ئەم جۆرانەش وەکو لە کارەکانی پێشتردا هاتوە، بەم جۆرەیە:-

**١- بکارنادیاری سادە**

وەکو:- گێزەر **هات(ە) خوارن**. گێزەر **نەهات(ە) خوارن**.

نان **دهات خارن**.

نان **هاتیە خوارن** ژ لایێ مێهڤانان ڤە.

نان **هاتبو خارن**.

خوزی نان **هاتبا (بهاتا) خوارن**.

**٢- بکارنادیاری هۆیی**

وەکو:- من دەرس **دا نڤیسین**.

دوهی من دەرس **ددا نڤیسین**.

من دەرس **دابو نڤیسین**.

خوزی من دەرس **دابا نڤیسین**.

وا لە بەندی دوەم و سێیەمدا تەواوی بۆچونمان لەسەر تێنسی ڕابوردو و شێوەکانی لە تەکنیکی بکاردیار و نادیاردا بە نمونەوە لە حاڵەتەکانی پێویستدا دەخەینە ڕو.

---

## پەراوێزەکان

١- [Jardine, R.F. (14: ...)].

٢- پێشگری (دە) هەمیشە بە ('t) یان (it) دەردەبڕێ و لەگەڵ تێنسەکانی ئێستا و ناتەواودا بەکاردێت و ناتەواوی یان بەردەوامی دەردەبڕێ [Jardine, R.F. (14: 22)].

٣- لێرەدا لێی تێکچوە، چونکە نمونەکە هی کاری بێهێز (بون = کینونة)یە و (خواستی) تەواوکەرە.

٤- دیسان نمونەکە هی کاری بێهێز (بون = کینونة)یە.

٥- ئەمە شێوەیێکی سەربەخۆ نیە، بەڵام جۆرێکی داهاتوە.

٦.٧.٨- ئەمانە لە قسەکردندا بەکارنایەن.

٩- لە قسەکردندا بەم جۆرە بەکاردێت:- ئەز ببوم (ببیم). ئەز نەببوم (نەببیم).

١٠- لە قسەکردندا بەم جۆرە بەکاردێت:- ئەز ببامە. ئەز نەببامە.

١١- [(15: ...) Mackenzie, D.N.].

١٢- [ت ـ (-´t-, t) یان د ـ (-di)] دەکەوێتە پێش:-

ـ ئێستای سادە و ئێستای ڕاگەیاندن دروست دەکا.

ـ ڕابوردوی سادە و تێنسی ڕابوردوی ناتەواو دروست دەکا [(15: 180) Mackenzie, D.N.].

١٣- ئەمە هەمان شێوەی [تەواوی ڕاگەیاندن (1)]ە، لە هەندێ ناوچەی ئەم گوڤەرەدا بەکار دێت.

١٤- مەکەنزی نمونەکەی لە کوردۆییێف و جەلادەت بەدرخان وەرگرتوە؛ چونکە ئەم شێوەیە لە گوڤەری بادینیدا دەبێتە [کە(ف)تبام(ە،ا)]. [بڕوانە:- (15: 187) Mackenzie, D.N.].

١٥- ئەمە لە قسەکردندا نیە؛ بۆیە مەکەنزیش نمونەی بۆ نەهێناوە.

١٦- [(19: ...) Blau, J.].

١٧- [عەمادیە (ت ـ). سنجار (د ـ)]

لە سنجاردا ئەگەر ڤاوڵێک لە پێشەوەی ڕەگەکە بێ (د) دەبێتە (ت)، وەکو:-

ئەم دچین ڤێ تینن. [بڕوانە:- (19: 60) Blau, J.]

١٨- ئەمە هەمان شێوەی [ڕابوردوی تەواو (1)]ە، لە هەندێ ناوچەی ئەم گەڤەرەدا بەکار دێت.

١٩- ئەمە هەمان شێوەی [تەواوی ئەگەری (Parfait du conditionnel)]یە، بڕوانە نمونەکانی جویس بلو لە عەمادیە و سنجار. [(19: 86) Blau, J.]

٢٠.٢١- ئەمانە یەک شێوەن بە گورینی ناوچە دەگورێن، وەکو:- ئەو بویە. یان ئەو بێ بوی.

٢٢- ئەمە لە قسەکردندا بەم جۆرەیە:- ببو.

٢٣- ئەمە لە قسەکردندا بەم جۆرەیە:- ببیت.

٢٤- ئەمە لە قسەکردندا بەم جۆرەیە:- ببا.

٢٥- ئەمانە تا ئێرە نمونەی (بون = ولادة)ن.

٢٦- تەنیا ئەمە نمونەی (بون = کینونة)یە.

٢٧- ئەمە لە قسەکردندا نیە؛ بۆیە جویس بلوش نمونەی بۆ نەهێناوە.

٢٨- [صادق بها ءالدین ئامێدی (٣: ...)].

٢٩.٣٠- لە گوڤەری بادینیدا ئەمانە لە قسەکردندا نین، بەڵام لە هەندێ گوڤەری شێوەی ژوروی زمانی کوردیدا هەن. ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەمانە (نڤستبام، بنڤستام، بنڤستبام، نڤستبوبام) هەمویان یەک شێوەن، کە لە ناوچەیێکەوە بۆ ناوچەیێکی تر دەگۆڕێن.

٣١- ئەمە لە قسەکردنی گوڤەری بادینیدا نیە و لە گوڤەرەکانی تری شێوەی ژوروشدا دەگمەنە کە بەرامبەر (ئەز ببوم) (ئەز نەببوم)ی گوڤەری بادینیە.

٣٢- مامۆستا صادق لەم نمونانەدا (بون = کینونة) و (بون = صیرورة) و (بون = ولادة) تێکەڵ دەکات.

٣٣- پێویستبو ئەمە بەم جۆرە بوایە:- (من دەرس دایە نڤیسین ـ نڤیسینێ) یان (من دەرس یا دایە نڤیسین ـ

نڤیسینێ)، چونکە شێوەی ڕابوردوی تەواوە.

٣٤- [Şirîn and Buşra (18: ...)].

٣٥- لە ناوچەی زاخۆ لەجیاتی (بو)ی مۆرفیمی دوری (بی) بەکاردێت، لەبەر ئەوەی کە دانەرانی کتێبەکەش خەڵکی زاخۆن؛ بۆیە (بی) بەکاریان هێناوە.

٣٦- لە قسەکردندا بەم جۆرە بەکار دێت:-

لازم بی ئەو چوبا. ....

بۆ نمونە:- وان زانیبا. وان نەزانیبا. [بڕوانە:- [Şirîn and Buşra (18: 233)

٣٧- [Îbrahîm Remezan ZAXOYÎ (11: ...)].

٣٨- ئەمە لە قسەکردندا بەم جۆرە بەکار دێت:- ئەز چویمە زاخۆ(یێ). ئەز نەچویمە زاخۆ(یێ).

٣٩- ئەمە تەنیا لە ئەرێی ڕاگەیاندنی ڕوتدا (Declarative) لە هەندێ ناوچەی ئەم گوڤەرەدا هەیە، لە نەرێ و پرسدا بەم جۆرەیە:- نەخواریە. یان تە خواریە؟

٤٠.٤١.٤٢.٤٣.٤٤.٤٥- ئەمانە هەمان شێوەی (دەمێ بۆری یێ بلانی)ن، لە ناوچەییێکەوە بۆ ناوچەییێکی تر دەگۆڕێن. شایانی باسە کە زۆربەیان لە گوڤەری بادینیدا بەکارنایەن.

٤٦.٤٧- ئەمانە هەمان شێوەی (دەمێ بۆری یێ بلانی)ن.

٤٨- ئەمە لە قسەکردندا بەم جۆرەیە:- ئەز ببوم زێرنگر. یان ئەز ببومە زێرنگر.

٤٩.٥٠- ئەمانە هەمان شێوەی (دەمێ بۆری یێ بلانی)ن.

٥١- مامۆستا ئیبراهیم لەم نمونانەدا (بون = کینونة) و (بون = صیرورة) تێکەڵ دەکات.

٥٢- ئەمە لە قسەکردندا بەم جۆرە بەکاردێت:- سێڤەک هاتبو خوارن.

٥٣- م. = مۆرفیم.

٥٤- دەنگی ئەم مۆرفیمە لە درکاندندا لە نێوان (د) و (ت)دایە؛ بۆیە لە کارەکانی پێشتردا یا بە (د) هاتوە یا بە (ت).

لەبەر ئەوەی کە ئێستا (د) لە نوسینەکانی ئەم گوڤەرەدا و لە شێوەی خواروی زمانی کوردیشدا بەکار دێت؛ ئێمە (د)مان بەکارهێناوە.

٥٥- هەمو شێوەکانی مەرجی لەگەڵ هەندێ فۆرمدا دێن کە مەبەستی شێوەکە دەگۆڕن. بڕوانە:- [(Blau, J. (19: 83-84] هەروەها [Jardine, R.F. (14: 27)].

٥٦- بڕوانە:- [د. وریا عمر امین (١٠: ٢٥٧ - ٢٥٨)].

# بەشی دووەم
## تێنسی ئێستا و شێوەکانی

ئەم بەشەش وەکو بەشی یەکەم دابەش دەکەینە سەر سێ بەند. دیسان لە بەندی یەکەمدا کارەکانی پێشتر لەسەر ئەم تێنسە و شێوەکانی لەم گوڤەرەدا دەخەینە ڕو و هەڵدەسەنگێنین. دوای ئەوە لە بەندی دوەم و سێیەمدا بۆچونمان لەسەر ئەم تێنسە و شێوەکانی بە هەمان شێوەی بەندی یەکەم لە تەکنیکی بکاردیار و بکارنادیاردا دەردەبڕین.

لەبەر ئەوەی کە (ئێستا) لەم گوڤەرەدا تەنیا ئەو ساتە دەگرێ کە قسەکە تێدا دەکرێ و یەکسەر دوای تەواوبونی قسەکە (داهاتو) دەست پێ دەکا؛ بۆیە شێوەکانی ئەم تێنسە وەکو لە قسەکردنی ئەم گوڤەرەدا هەن تەنیا ئەمانەن:-

- ڕێژەی ڕاگەیاندن.

١- ئێستای سادە.

٢- ئێستای بەردەوام.

٣- ئێستای تەواو.

# بەندی یەکەم

## تێنسی ئێستا و شێوەکانی لە کارەکانی پێشتردا

لە کارەکانی پێشتردا لەسەر ئەم گوڤەرە، بەم جۆرە باسی تێنسی ئێستا و شێوەکانی هاتوە:-

**أ- جاڕدین**(١)

١- ئێستای بەردەوام (Gnomic Present)

وەکو:- گا و هەسپ شەڕ **کەن** گوولک سەر پێ **کەڤت**.

- ئەز **خوازم**.

- ئەم **خوازن**.(٢)

٢- ئێستای ڕاگەیاندن (Present Indicative)

وەکو:- ئەز **دەخوازم**.

- تو چ **دەچینی** ئەو **دەهەلینی**.

نەرێی هەردوکیان بەردەوام (Gnomic) و ڕاگەیاندن (Indicative) بەم جۆرەیە:-

- ئەز **ناخوازم**.

- ئەم **ناخوازن**. [ل ل ٢٥-٢٦]

«تەئکید»کردنی ئێستا لە تێنسەکانی بەردەوامدا (Emphasis of Present on Continuative Tenses)

بە بەکارهێنانی ئامرازی (particle) (وێ یان وا) لە پێش ئامرازی بەردەوامی (دە) دەبێت.

وەکو:- ئەو **وێ تبێژت**. [ل ٣٦]

هەبون ـ کاری «وجود»

١- ئێستای بەردەوام (Gnomic)

وەکو:- هەیە. هەنە.

٢- ئێستای ڕاگەیاندن (Pres. Indic.)

وەکو:- دەهەیە. دەهەنە.(٣) [ل ٣٤]

کاری بەستن (The Enclitic Copula)

وەکو:- ئەز **نەساخم**. ئەز **نەنەساخم** یان ئەز **نەساخ نینم**. [ل ل ١٨-١٩]

لە (بون)ی بێهێزدا تێکەڵیەک لە لای پەیدا دەبێ و بەم جۆرە دەردەبڕێ:-

١- ئێستای بەردەوام (Gnomic Present)

وەکو:- ئەز **بم**. ئەز **نەبم**.(٤)

٢- ئێستای ڕاگەیاندن (Present Indicative)

وەکو:- ئەز **دەبم**. ئەز **نەبم**.(٥) [ل ١٩]

«هاتن» بۆ دروست کردنی بکارنادیار بەکاردێت

وەکو:- ئەز **دەهێمە گرتن**.

- سەر یێ هاتیە بڕینێ **ناهێتە کڕینێ**. [ل ٣٢]

**ب- مەکەنزی**(٦)

١- ئێستای ڕاگەیاندن (Present Indicative)

وەکو:- تکەڤم. ....

٢- ئێستای ناتەواو (Present Imperfect)

وەکو:- دا کەڤم.(٧) .... [ل ١٩٠]

کارەکانی «تەئکید» (Certain Verbs)

- ئێستای ڕاگەیاندن

وەکو:- هەیە. هەنە(هەینە).

- ڕاگەیاندنی تەواو (تەنیا لە ڕستەکانی ئەرێدا)

وەکو:- ی/وێ هەی.

- ی/وێت هەین.(٨) [ل ل ١٩٠-١٩١]

کاری ناوی هەبون (Substantive Verb)

وەکو:- ئەزم. دنیا هەتاڤە. هونگ کینە؟

- ديار نيه.       مه نينه.    چ مناره وه‌كى وێ نينن.  [ل ل ١٨٣-١٨٤]

بكارناديارى درێژ (Passive Periphrasis)

وه‌كو:- سێڤێت خراب **تێنه ئستيعمالكرن** بۆ ئالافێ حه‌يوانا.  [ل ١٩٥]

**ج- جويس بلو**(٩)

١- ئێستاى ڕاگه‌ياندن (Le présent de 1` indicatif)

وه‌كو:- تو **تبێژى**.

- برا، تو **دچى**.

- دنيايێ **نابينه** به‌س هه‌ر لنگێ خوه **دبينه**.

كاتێ كه ئيزافه له پێش ئێستاى ڕاگه‌ياندن دێت، ئه‌و ڕوداوه به‌رده‌وام ده‌بێ، وه‌كو:-

- چمكى **يا تهێته** پێش چاڤێت من.       [ل ٧٨]

٢- ئێستاى ناته‌واو

وه‌كو:- دا كه‌ڤم.(١٠)   [ل ٩٢]

كارى (هه‌بون/ هه‌ب ـ)

- ئێستاى ڕاگه‌ياندن

وه‌كو:- هه‌يه.    هه‌نه(هه‌ينه).         [ل ٧٠]

كارى به‌ستن (La copule verbal)

وه‌كو:- ئه‌ز ئه‌ها يا هۆسانم.

- ئه‌ز ژى فه‌قيرم.

- ئان تو گه‌له‌كێ عاجز نينى.

- چو قوسوورى نينه.           [ل ٦٩]

كارى (بون/ ب ـ)

١- ئێستا

وه‌كو:- تبيت.     دبه.

٢- ئێستای ناتەواو

وەکو:- دا بیت.[١١]            [ل ٦٨]

بکارنادیاری درێژ (La périphrase passive)

وەکو:- ئەم هەر چێل **تێن کوشتن**.            [ل ٧٢]

**د- صادق بها ءالدین**[١٢]

١- کاتی ئێستای بەرچاو

وەکو:- ئەزێ **دچم**.            ئەز **نە ئێ دچم**[١٣].

٢- کاتی ئێستای نەبەرچاو

وەکو:- ئەز **دچم**.            ئەز **ناچم**.            [ل ل ٣٤٨-٣٤٩]

کاری هەبون

- کاتی ئێستا

وەکو:- من هەیە (هەنە) - (هەمە).            من نینە (نیە) - (نیمە).

ئەڤ جۆرەیێ کێشانێ (تصریف) ل هندە جهان ژ دەڤەرا بەهدینا ب ڤی رەنگی یە:-

من ێ (منێ) هەی.            [ل ٢١٥]

کارێ بوینێ

وەکو:- ئەزم.            ئەز نیمە.            [ل ٢٠٦]

١- دەمێ نهو یێ بەرچاڤ

أ- وەکو:- ئەزێ دبم.

ب- وەکو:- ئەز دبم.            [ل ٢١١]

کاری بزر

١- دەمێ نهو یێ بەرچاڤ (Continuous)

وەکو:- کارێ **دهێتە (تێتە) کرن**.

٢- دەمێ نهو پاشی ئاخڤتنێ

وەکو:- کار **دهێت (تێت) کرن**. [ل ٣١٣]

کرنا هاریکار یا دووێ... بو نەپەنی «دان»ە

١- دەمێ نهو بەرچاڤ

وەکو:- ئەزێ خانی **ددم ئاڤاکرن**.

٢- دەمێ نهو پاشی ئاخڤتنێ

وەکو:- ئەز مالێ **ددم مالین**. [ل ل ٣١٤-٣١٥]

**هـ- شرین**(١٤)

١- تێنسی ئێستای سادە (Simple Present Tense)

وەکو:- هەر رۆژ ئازاد **دچت** سیکێ. ئازاد **ناچت** سیکێ. [ل ٢٦٢]

٢- ئەسپێکت/ تێنسی ئێستای بەردەوام (Present Progressive Tense/ Aspect)

وەکو:- ئەوێ **دچت** نک دەرگەهی. [ل ٢٦٤]

تێنسی ئێستای سادەی... هەبین، هەبە (کارەکانی بیژۆک)

[Simple Present Tense of … hebîn, hebe (Unusual Verbs)]

وەکو:- من قەلەمەکێ هەی. من قەلەم نینە. [ل ٦٨]

تێنسی ئێستای سادەی بین، ببە (کاری ناتەواو)

[Simple Present Tense of bîn, bibe (Irregular Verb)]

وەکو:- ئەزم. ئەو نەعێجزن. [ل ٥١]

**و- ئیبراهیم رەمەزان**(١٥)

١- دەمێ نهو یێ سەرێک (بەردەوام)

٢- دەمێ نهو

وەکو:- ئەز دخوم. ئەز ناخوم. [ل ٩٣]

پیشکا هەبوونێ

- دەمێ نهو یێ گۆتنێ (Present indicative)

وەکو:- من سێڤەک هەیە.        من سێڤەک نینە.        [ل ١٣٠]

پیشکا بوونێ (فعل الکینونة والصیرورة)

- دەمێ نهو یێ گۆتنێ

وەکو:- ئەزم.        نە ئەزم.        [ل ل ١٣٤-١٣٥]

نەدیار

- دەمێ نهو

وەکو:- سێڤەک **دهێ خوارن**.        [ل ١٤٠]

دوای پێش چاوکردنی ئەم کارانەی پێشتر دەگەینە ئەم خاڵانە:-

**کاری بەهێز**

**ڕێژەی ڕاگەیاندن**

**١- ئێستای سادە**

أ- ناوی شێوەکە:- بەم جۆرە هاتوە:-

- ئێستای ڕاگەیاندن.
- ئێستای نەبەرچاو.
- ئێستای سادە.
- دەمێ نهو.

واتە هەمویان ڕێکدەکەون کە ئەم شێوەیە (ئێستای سادە)یە لە ڕێژەی ڕاگەیاندندا، چونکە (نەبەرچاو)ەکەی مامۆستا (صادق)یش (نەبەردەوامی) دەگەیەنێ.

ب- پێکهاتن:- هەمویان ڕێکدەکەون کە ئەم شێوەیە بەم جۆرە پێک دێت:-

- ئەرێ:- م. ئێستا + بنج + م. ڕێککەوتن

وەکو:- دچی.        دخوم.

- نەرێ:- م. نەرێ + بنج + م. ڕێککەوتن

وەکو:- ناخوازم.        ناخوم.

**٢- ئێستای بەردەوام**

أ- ناوی شێوەکە:- ئەوانەی دەستنیشانی ئەم شێوەیەیان کردوە هەمویان ڕێکدەکەون لەسەر ناوی (ئێستای بەردەوام). تەنیا مامۆستا جاڕدین بە «تەئکید»کردن ناو دەبا، هەرچەندە ئەویش دەڵێ (لە تێنسەکانی بەردەوامدا).

ئێمەش (ئێستای بەردەوام) پەسەند دەکەین.

ب- پێکهاتن:- ئەوانەی ئەم شێوەیان دەستنیشان کردوە ڕێکدەکەون لەسەر پێکهاتنی شێوەکە کە بەم جۆرەیە:-

- ئەرێ:- م.نفش(م.کۆ) + م. ئێستا + بنج + م. ڕێککەوتن

وەکو:- ێ دچم.

لە بۆ نەرێ تەنیا مامۆستا (صادق) شتێکی هێناوە کە لە قسەکردندا نیە، ئەوانی تر کەس باسی نەکردوە. بە بۆچونی ئێمە لەبەر ئەوە باسیان نەکردوە؛ چونکە نەرێی ئەم شێوەیە وەکو نەرێی (ئێستای سادەیە).

**کاری بێهێز**

**هەبون**

هەمویان یەک شێوە دەستنیشان دەکەن، بەڵام زۆربەیان ناوی (ئێستای سادە)یان لێ دەنێن.

لەبەر ئەوەی کە هەمویان ڕێکدەکەون لەسەر ئەوەی کە ئەم شێوەیە بەم جۆرە پێک دێت:-

- ئەرێ:- (هەینە) هەنە. هەمە.(١٦)

واتە:- بنج + م. تەواوی + م. ڕێککەوتن.

- نەرێ:- نیە (نینە). نیمە.

واتە:- م. نەرێ + بنج + م. تەواوی + م. ڕێککەوتن.

ئێمە ئەم شێوەیە بە (ئێستای تەواو) دەزانین.

**بون**

لەم کارە بێهێزەدا تێکەڵیەک لە کارەکانی پێشتردا پەیدا بوە لە نێوان (بون = ولادة) و

(بـون = كـينونة) و (بـون = صيـرورة) و ناوى جۆراوجۆر لىٰ نراون بەبىٰ ئەوەى بخرێنە ژێر ياساى ئەو شێوانەى ئێستا كە خۆيان دەستنيشانيان كردوە.

**بكارناديار**

**بكارناديارى سادە**

**١- ئێستاى سادە**

هەمويان (تەنيا شرين نەبىٰ كە باسى نەكردوە) رێكدەكەون لەسەر پێكهاتنى كە بەم جۆرەيە:-

- ئەرىٰ:- م. ئێستا + بنجى(هاتن) + م. رێككەوتن + ئامراز + ناوى كارى تێپەڕ

وەكو:- دهێت(تێت) (ە) كرن.     دهێمە گرتن.

- نەرىٰ:- م. نەرىٰ + بنجى(هاتن) + م. رێككەوتن + ئامراز + ناوى كارى تێپەڕ

وەكو:- ناهێتە كرينىٰ.

**٢- ئێستاى بەردەوام**

تەنيا مامۆستا (صادق) دەستنيشانى كردوە، كە پێكهاتنەكەى بەم جۆرەيە:-

- ئەرىٰ:- م.نفش(م.كۆ) + م.ئێستا + بنجى(هاتن) + م.رێككەوتن + ئامراز + ناوى كارى تێپەڕ

وەكو:- كارىٰ **دهێتە(تێتە) كرن**.

**بكارناديارى هۆيى**

تەنيا مامۆستا (صادق) دەستنيشانى دەكا بەم جۆرە:-

**١- ئێستاى سادە**

م. ئێستا + بنجى(دان) + م. رێككەوتن + ئامراز + ناوى كارى تێپەڕ

وەكو:- ددم (ە) مالين.

**٢- ئێستاى بەردەوام**

م.نفش(م.كۆ) + م.ئێستا + بنجى(دان) + م.رێككەوتن + ئامراز + ناوى كارى تێپەڕ

وەكو:- ئەزىٰ خانى **ددم (ە) ئاڤا كرن**.

لە بەندى دوەم و سێيەمدا تەواوى بۆچونمان لەسەر ئەم تێنسە و شێوەكانى و حاڵەتە پێويستەكانى

له ته‌كنیكی بكاردیار و نادیاردا به نمونه‌وه پیشان ده‌ده‌ین.

---

## په‌راوێزه‌كان

١- [(14: ...) Jardine, R.F.].

٢- ئه‌مه هه‌مان شێوه‌ی (ئێستای ڕاگه‌یاندن)ه له هه‌ندێ ناوچه‌دا بۆ خێرایی دركاندن (د)ی مۆرفیمی ئێستا ده‌توێته‌وه.

٣- ئه‌مه له قسه‌كردندا به‌كار نایه‌ت.

٤- ئه‌مه نمونه‌ی مه‌رجیه.

٥- ئه‌مه نمونه‌ی (بون = صیرورة)یه، به‌لام نه‌رێیه‌كه‌ی ده‌بێته:- ئه‌ز نابم.

٦- [(15: ...) Mackenzie, D.N.].

٧- ئه‌مه جۆرێكی داهاتوه، ته‌نیا له لاڕسته‌ی ئه‌نجامدا به‌كار دێت.

٨- ئه‌مه هه‌مان شێوه‌ی (ئێستای ڕاگه‌یاندن)ه له ناوچه‌یێكه‌وه بۆ ناوچه‌یێكی تر ده‌گۆڕێ.

٩- [(19: ...) Blau, J.].

١٠- ئه‌مه ته‌نیا له لاڕسته‌ی ئه‌نجامدا (داهاتو له ڕابوردودا) ده‌رده‌بڕێ. بۆ «ته‌ئكید»كردنی ئه‌مه جویس بلو ده‌ڵێ:- ده‌توانین له جیاتی (دا كه‌ڤیت) (دێ كه‌ڤیت) به‌كار بێنین. [(19: 80) Blau, J.].

١١- ئه‌مه داهاتوه.

١٢- [صادق بهاءالدین ئامێدی (٣: ...)].

١٣- ئه‌مه له قسه‌كردندا نیه، به‌ڵكو هه‌ر ده‌بێته:- ئه‌ز ناچم.

١٤- [(18: ...) Şirîn and Buşra].

١٥- [(11: ...) Îbrahîm Remezan ZAXOYÎ].

١٦- ئه‌رێی ئه‌م شێوه‌یه (وه‌كو له هه‌ندێ كاری پێشتردا هاتوه) له هه‌ندێ ناوچه‌ی ئه‌م گوڤه‌ره‌دا ده‌بێته:- (ێ/ا/ین) هه‌ی (ن).

---

# بەندی دووەم

# تێنسی ئێستا و شێوەکانی لە تەکنیکی بکاردیاردا

## ■ کاری بەهێز

### - ڕێژەی ڕاگەیاندن

**١- ئێستای سادە:** لە ڕستەدا بەم جۆرە ڕۆدەنرێت:-

| | | | کاری بێ پێشبەند | کاری بە پێشبەند |
|---|---|---|---|---|
| کاری تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | **پێکهاتن**<br>نمونە | بکار+بەرکار[م.نفش**(م.کۆ)**]+م.ئێستا+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ شولی(ێ) **(ان)**+ د+ ک+ م<br>ئەز شولی(ێ) **(ان)** دکم[١]. | بکار+بەرکار[م.نفش**(م.کۆ)**]+پێشبەند+م.ئێستا+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ ئەوی(ێ) **(ان)**+ ڕا+ د+ ک+ م<br>ئەز ئەوی(ێ) **(ان)** ڕادکم. |
| | دۆخی نەرێ | **پێکهاتن**<br>نمونە | بکار+بەرکار[م.نفش**(م.کۆ)**]+م.نەرێ+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ شولی(ێ) **(ان)**+ نا+ ک+ م<br>ئەز شولی(ێ) **(ان)** ناکم[٢]. | بکار+بەرکار[م.نفش**(م.کۆ)**]+پێشبەند+م.نەرێ+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ ئەوی(ێ) **(ان)**+ ڕا+ نا+ ک+ م<br>ئەز ئەوی(ێ) **(ان)** ڕاناکم. |

| | | | کاری بێ پێشبەند | کاری بە پێشبەند |
|---|---|---|---|---|
| کاری تێنەپەڕ | دۆخی ئەرێ | **پێکهاتن**<br>نمونە | بکار+م.ئێستا+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ د+ ب+ م<br>ئەز دبم. | بکار+پێشبەند+م.ئێستا+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ ڕا+ د+ ب+ م<br>ئەز ڕادبم. |
| | دۆخی نەرێ | **پێکهاتن**<br>نمونە | بکار+م.نەرێ+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ نا+ ب+ م<br>ئەز نابم. | بکار+پێشبەند+م.نەرێ+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ ڕا+ نا+ ب+ م<br>ئەز ڕانابم. |

**٢- ئێستای بەردەوام:** لە ڕستەدا بەم جۆرە ڕۆدەنرێت:-

| | | | کاری بێ پێشبەند | کاری بە پێشبەند |
|---|---|---|---|---|
| کاری تێپەڕ | دۆخی ئەرێ | **پێکهاتن** | بکار+م.نفش**(م.کۆ)**+بەرکار[م.نفش**(م.کۆ)**]+م.ئێستا+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ ێ(ا) **(ێن)**+ شولی(ێ) **(ان)**+ د+ ک+م**(ین،ن)** | بکار+م.نفش**(م.کۆ)**+بەرکار[م.نفش**(م.کۆ)**]+پێشبەند+م.ئێستا+بنج+م.ڕێککەوتن<br>ئەز+ ێ(ا) **(ێن)**+ ئەوی(ێ) **(ان)**+ ڕا+ د+ ک+ م**(ین،ن)** |
